گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ململانێی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئالان توران و پییێربۆردیۆ

## (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

**پ.ی.د. شهلاء ولی جبار**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین,هەولێر,هەرێمی کوردستان، عێراق
shahlaa.jabbar@su.edu.krd

**م.ی. دنیا صلاح الدین مەردان**
بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەرێمی کوردستان، عێراق
dunya.mardan@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٤/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٧/٦
بڵاو کردنەوە:زستان ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Conflict, Social Movements, Symbolic Violence, Cultural Capital*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.4

**پوختە**

بابەتی ململانێ بابەتێکی گرنگ و بەردەوام ئامادەیی هەیە و بنەماییە لە کۆمەڵناسیدا، تیۆرەوانە کلاسیک و نوێکان مشتومڕی زۆریان لەبارەوە کردوە. ئێستا چەمکی ململانێی کۆمەڵایەتیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەڕووی تێگەیشتن و ئاماژەکانییەوە، بەجۆرێک تیۆرەوانە نوێکان لە ڕەهەندی دیکەوە شیکردنەوەیان بۆ چەمکی ململانێ کردووە لەوانە ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ. بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو هۆکارانە بخرێنە ڕوو کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستبونی ململانێی کۆمەڵایەتی لە نێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەروەها ئەو گۆڕاوانەی دەوریانداوە، بێگومان لەڕوانگەی هەریەک لە زانایانی فەرەنسی ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتی ململانێ بەردەوام مشتومڕی لەبارەوە کراوە و لە ڕەهەندی جیاوازەوە لەلایەن تیۆرەوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە خوێندنەوەی بۆکراوە، کە هەندێکیان بە ململانێی چینایەتی، هەندێکی دیکە بە ململانێی نێوان نەوەکان یان بەستووەتەوە،

هەندێکی دیکە ململانێیان هاو واتای چەمکی دیکە کردووە. بەگۆڕانی سەردەمەکان تێگەیشتن و شیکردنەوە لەبارەی ئەو چەمکەوە گۆڕاوە و ئاماژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەروەها گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەی بەردەست لەوەدایە کە تیشکدەخاتە سەر بابەتی ململانی لەڕوانگەی دوو تیۆرەوانی هاوچەرخ، کە ئەمانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی پایەکانی کۆمەڵناسی لەڕویی تیۆرییەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەی ئێستا گرنگی خۆی هەیە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی ململانێی کۆمەڵایەتییە لەدیدی ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ هەروەها شیکردنەوەی فۆرمەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ئێستادا.

## پێشەکی

ململانێی کۆمەڵایەتی بابەتێکی کۆمەڵناسانەیە و لەوەتەی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی وەک زانستێکی سەربەخۆ زانا کلاسیکەکان گرنگی زۆریان بەم بابەتە داوە، بەتایبەت کارل مارکس، کە یەکێک بووە لەو کۆمەڵناسانەی کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی شیکردووەتەوە. ئاراستەی مادیەتی مێژوویی لای مارکسیزمەکان وای دەبینێت؛ ئەو یاسایەی وا گەردون و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات و کۆنترۆڵیان دەکات یاسای بزاوت و گۆڕانی بەردەوامە. بەپێی سەردەمەکان و پێشکەوتنی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئیتر چەمکی ململانێی کۆمەڵایەتیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەڕوی تێگەیشتن و ئاماژەکانییەوە، بەجۆرێک تیۆرەوانە نوێکان لە ڕەهەندی دیکەوە شیکردنەوەیان بۆ چەمکی ململانێ کردووە لەوانەش ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ، کە دوو زانای فەرەنسین و جێ پەنجەیان لە نێو تیۆرە کۆمەڵایەتییە نوێکاندا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و، توانیویانە بە ئاراستە تیۆرییەکانیان کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچونی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکەن.
پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئایا ڕەهەندە نوێکان بۆ تێگەیشتن لە ململانێی کۆمەڵایەتی کامانەن؟ لە ڕوانگەی هەریەک لە تیۆرەوانانی فەرەنسی ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ. بەڵام گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتی ململانێ بەردەوام مشتومڕی لەبارەوە کراوە

و لە ڕەهەندی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆکراوە لەلایەن تیۆرەوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەندێکیان بەستوویانەوەتەوە بە بابەتی چینایەتی، هەندێکی دیکە بە ململانێی نێوان نەوەکان، هەندێکی دیکە ململانێیان هاو واتای چەمکی دیکەکردوە. بەگۆڕانی سەردەمەکان تێگەیشتن و شیکردنەوە لەبارەی ئەو چەمکەوە گۆڕاوە و ئاماژەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. گرنگی توێژینەوەی بەردەست لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر بابەتی ململانی لەڕوانگەی دوو تیۆرەوانی هاوچەرخ کە ئەوانیش ئالان تورن و پییێر بۆردیۆیە، ئەمانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی پایەکانی کۆمەڵناسی لەڕویی تیۆرییەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بایەخدارە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی لەدیدی ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ هەروەها شیکردنەوەی ئاماژەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ئێستادا.

لەخوارەوە هەوڵدەدرێت ڕەهەندە نوێکان سەبارەت بە تێگەیشتن لە ململانێی کۆمەڵایەتی بخرێنە ڕوو لەلایەن هەریەک لەو زانایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

## یەکەم: ڕوانگەی ئالان توران بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی:

ئالان تورن تیۆرەوانێکی فەرەنسییە(Alain Touraine)(1925-2023) کارەکانی پەیوەستن بە گەنگەشەکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە، دیارترین کاری ئەم تیۆرەوانە لەبارەی کردە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و دیموکراسی و مۆدێرنەیە. نوسین و هزرەکانی بە نزیکەیی 50 ساڵە کاریگەرییان لەسەر تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی: ڕەخنەی مۆدێرنە، دیمۆکراسی چییە؟ پارادایمی نوێ بۆ تێگەیشتن لە جیهان. ئالان تورن یەکێکە لەو تیۆرەوانە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵناسی هەبووە و ئامادەییەکی بەهێز و بەرچاوی لەبواری سیاسی و بواری کۆمەڵناسیدا هەبووە.

تورن لەو ڕوانگەیەوە تەماشای کۆمەڵناسی دەکات بەوپێیەی بابەتی سەرەکی ئەم زانستە توێژینەوەیە لە هەڵسوکەوتی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، کە پەیوەستە بە مێژووەوە، بەجۆرێک ئەو دەڵێت: چیتر بەهۆی مێژووەوە دیاریناکرێین. واتە سنورەکانی نێوان ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بەتەواوی دەسڕێتەوە، بەشێوەیەک ڕەفتارەکانمان بە پەیوەندی و ململانێ و چینەکانەوە پەیوەنددار دەبن، ئەوەشە کە پێی دەگوترێت بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (Touraine,2002,92). بزوتنەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکان لەڕوانگەی ئالان تورنەوە بابەتێکی گرنگە و بایەخی زۆری پێداوە، یەکێکە لەو تەوەر و باسە سەرەکییانەی تورن خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە دیاریکراوی لای تورن بەو مانایەدێت کە ئەو کردەیەیە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدەن تەنها پەرچەکردارێک نییە لەهەمبەر خستنە خزمەتی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی خۆسەپاندن و کێبڕکێوە، واتە کێبرکێ لەپێناو خۆسەپێنی، بەڵکو بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بزوتنەوەکان بەرهەم دێنن و دیاریدەکەن بەپێی ئاراستە کولتورییەکەیان و بەپێی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییانەی بکەرەکان تێیان کەوتوون. تورن وای بۆ دەچێت چەمکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی باشترە تا ململانێی کۆمەڵایەتی، بەمپێیە چەمکی ململانێ لای ئالان تورن بریتییە لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کە چەمکێکی گشتگیر و بەرفراوانترە تا ململانێی کۆمەڵایەتی، واتە ئەگەر بە تێگەیشتنی تورن بێت چەمکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تێگەیشتنێکی بەرفراون جۆرێکە لە ململانێی کۆمەڵایەتی(Appelrouth, and Edles, 2021,786). لە نێو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەرە کۆمەڵایەتییەکان تەنها کاردانەوەیان نابێت بۆ دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئەوان ئەو دامەزراوانە دروست دەکەن و بەرهەمیان دێنن و، بکەرەکان دیاریدەکرێن لەمیانەی ئاراستە کولتورییەکانیان و ئەو ململانێیانەی تێیاندان. بەمجۆرەبێت ئێستا بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆکارە سیاسییەکان و بەرکەوتن وتوندوتیژی دروست نابن، بەڵکو بە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست دەبن (Touraine., 1992,128).

ململانێی چینایەتی لای ئالان تورن دیسان پەیوەستە بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەجۆرێک ئەوە دەبێتە ڕێکخەر و بزوێنەری سەرەکی ئەو ململانێیە، بەشێوەیەک تورن پێی وایە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بزوێنەرێکی کاران بۆ ململانێی چینایەتی. تورن ململانێی چینایەتی لەو ڕەهەندەوە دەخوێنێتەوە کە سێ ئاست یان سێ بواری کردەی کۆمەڵایەتییان هەیە، یەکەم: مێژووییە، بەوپێیەی کۆمەڵگە خۆی دروستی دەکات. دووەم: بواری سیاسی و دامەزراوەییە، واتە خۆگونجاندنی کۆمەڵگە. سێیەم: کردەی کۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی سیاسی و دامەزراوەییەوە فشار دروست دەکەن (Touraine, 2004,725). پاش دەستنیشانکردنی ئاستەکانی کردەی کۆمەڵایەتی، ئالان تورن باس لە گۆڕاوی کولتوور دەکات لەنێو ململانێدا، بەجۆرێک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ململانێیەکی دیکە هەیە جیاواز لەو تێگەیشتنەی پێشومان کە بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی هەمانە، بۆ نمونە کاتێک ئەندامی چینی باڵا ڕوبەڕوی ئەندامی چینی ناوەند دەبێتەوە، چاودێریکردن و ئاراستەکردنی لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕوودەدات، ئەمە پێی دەگوترێت کردەیەکی ململانێی کۆمەڵی(Touraine,1985,753)، لێرەدا تورن وای بۆدەچێت کە ململانێ لە مەیدانی کردە و پەیوەندی و ململانێی کۆمەڵایەتییەوە گوزەردەکات بۆ مەیدانێکی بەرفراوانتر بۆ ئەوەی ببێتە ململانێیەکی تەواو کولتووریی.

ئالان تورن تێگیەشتنێکی هەیە بۆ مێژووی کۆمەڵگە و مێژووی سستمی سیاسی و دامەزراوەیی بە گشتی، بەجۆرێک ئەو پێی وایە ئەم مێژووە کۆمەڵگە خۆی دروستی دەکات، هەر خودی کۆمەڵگە هەوڵدەدات بۆ بونیادنانی دامەزراوە و بونیادی سیاسی، لەگەڵیدا کە بواری سێیەم دێت ئەوەیش بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە؛ هەوڵدەدەن بۆ گۆڕانکاری و ئازادبوون لە کۆت و بەندی سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگە فۆرمەلەی کردوون(Appelrouth, and Edles, 2021,789). تورن وای بۆ دەچێت ئەوە بواری مێژووییە کە سروشت و پێکهاتەی بوارەکانی دیکەی وەک سیاسی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکات. هەربۆیە ئەو زیاتر لە بوارەکانی دیکە، جەخت دەکاتەوە لەسەر بواری مێژوویی و بە خاڵی دەسپێکی لەقەڵەم دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی بوارەکانی دیکە، بەم شێوەیە ئەو وایدادەنێت کە ململانێ -پرۆسەیەکی- مێژووییە، واتە گرووپگەلێکی دژ بەیەک ململانێیەکی ناوەندی لەنێوانیاندا هەیە، ئەو ململانێیە پشت بە پاشخانی مێژوویی ئەو گروپانەی لە ململانێدان، دەبەستێت (Rucht,2017,43)، ئیتر هەریەک لەو گروپانە بەپێی گەمەی خۆی دەیەوێت ئاراستەی ململانێکە بگۆڕێت وەک چۆن بۆخۆی بەرژەوەندییەکەی هەڵدەسوڕێت.

پاشان ئالان تورن وایدەبینێت کە جیهان لە قۆناغێکی گوزەرکردندایە و ئاستی ململانێ تێیدا لە پاشەکشەدایە، بەشێوەیەک ئێستا جیهان لە جیهانێکی پیشەسازییەوە بۆ جیهانیکی دیجیتاڵی و زانیاریی گوزەردەکات، بەم پێیە ململانێی چینایەتیش ئاستی نزم بووەتەوە، وردە وردە نەوەی نوێی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون، تورن ئەم بزوتنەوانە بە کات و شوێن و ئاماژەی جیاواز دەبەستێتەوە (Rucht,1991,359). ئالان تورن پێشنیازی دامەزراندنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە لەسەر سێ بنەما، ئەو پێی وایە ئەو بنەمایانە سەرەکین و بەم شێوەیەن: بنەمای شوناس،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەمای بەریەککەوتن و بنەمای گشتیبوون. سەبارەت بە بنەمای شوناس، مەبەستی تورن ئەوەی پێویستە شوناسی خودیی دەستنیشان بکرێت، کە دەکرێت ئاڵۆز و زیاتر لە ڕۆڵێک بێت(Rootes,1990,9) بۆ نمونە شوناسی گروپی، شوناسی چین و شوناسی توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەیەک کاتدا بوونی هەبێت. لەبەرامبەردا، دەبێت شوناسی ئەو لایەنەش دەستنیشان بکرێت کە دژایەتی و کێبڕکێی لەگەڵدا دەکرێت. واتە دەبێت بیرۆکەیەک و گرفتێک هەبێت بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهۆوە دروست بکرێت، یانیش ململانێیەکی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوا.

هەر چینێکی کۆمەڵایەتی چەندان ڕۆڵی مێژوویی هەیە، کە ڕۆڵگەلێکی پارێزگار و پێشوەچوون، ئەم ڕۆڵانە توخمی وەچەرخانی کۆمەڵایەتیین لەلایەک و کرۆکی هێزی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتین لە لایەکی دیکەوە. هەرچی سەبارەت بە بنەمای بەریەککەوتنە، ئەوا تورن گریمانی ئەوە دەکات کە لە نێو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەریەککەوتن هەیە، لای ئەو واتە دەستنیشانکردنی بەرامبەر یان دوژمن (Wieviorka,2005,11). بەدەستەواژەیەکی دیکە واتە ئەو بەرامبەرەی کە بەهۆکارییەوە بزوتنەوەکە دانراوە، دەبێت ڕون و ئاشکراو بابەتی بێت و دیاربێت، بەجۆرێک دەستنیشانی دوژمن یان بەرامبەر بکرێت کە وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ بدرێتەوە: بۆچی بزوتەنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دامەزراوە؟ لەپای چی؟ بۆ نمونە بزوتنەوەی کرێکاران دژی ڕێکخستنی شێواز و کاتی کار، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە کە کرێکاران ئازاد بن لە کۆت و بەندی فشارەکانی کارکردن.

بەڵام سەبارەت بە بنەمای گشتیبوون، ئەوا ئالان تورن مەبەستێتی ڕوونی بکاتەوە کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت لە هۆشیاری دەستەجەمعی پێکهاتبێت، هۆشیارییەکی کۆمەڵی و گشتگیر نەک هۆشیارییەکی کەمینەیی یان تاکیی دیاریکراو، ئەوەش لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و دەستخستنی ماف و داواکارییەکان(Wieviorka,2005,11)، لەبەر ئەوەی ئەگەر بزوتنەوەیەکی گشتی و یەک پارچەیی دروست ببێت کۆنترۆڵکردن و دامرکاندنەوەی ئەستەم دەبێت. لەو نمونانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەدیدەکرێن هەستانی خەڵکی ئێران بوو لەدوای کوشتنی کچە کورد مەهسا ئەمینی-ژینا ئەمینی-، کە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە، بەڵام هۆشیارییەکی کۆمەڵی و گشتگیری لەسەر نەبوو بۆیە توانرا دابمرکێنرێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە فەرەنسا

دەگوزەرێت لەبارەی کوشتنی گەنجیکی 17 ساڵان لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە، کە ئەگەرچی ئەو گەنجە بە ڕەچەڵەک عەرەبە، بەڵام سەرتاپای فەڕەنسا بووە بە ئاگر و بزوتنەوەیەکی هۆشیار و دەستەجەمعی دروست بوە کە وڵاتی فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەشی هەژاندووە.

## دووەم: پییێر بۆردیۆ و ململانێی کۆمەڵایەتی:

پییێر بۆردیۆ(Pierre Bourdieu) (1929-2002)یەکێک بووە لە گەورە کۆمەڵناسانی سەدەی بیستەم، دوو دەیە بەسەر کۆچی دوایی بۆردیۆدا تێپەڕیوە و، ئێستاش کاریگەریی هزری بۆردیۆیی لەسەر تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە لوتکەدایە. بۆردیۆ خاوەن قوتابخانەیەکی تیۆریی دیاریکراو نەبووە، بەڵام لەمیانەی ئەو هزر و چەمکانەی کە فۆرمەلەی کردوون وەک: جۆرەکانی سەرمایە، بوار، هابیتۆس، ململانێ و دەسەڵاتی هێمایی، توانیویەتی تاکو ئێستا هەوێنی زۆربەی هزرە نوێکانی کۆمەڵناسی بێت و مشتومڕی هزرەکانی بەردەوامییان هەیە. ئەوەی هزرەکانی بۆردیۆ لە تیۆرەوانانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە هەوڵدەدات بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە لە نێو جیهانێکی هێماییدا، کە لە دوتوێی ئەو جیهانە هێماییەدا ڕەهەندێکی ئەزموونخوازیی هەیە. بۆردیۆ بۆ ئەو هەوڵانەی هەموو ڕێگە و شێوازاێک و ئامرازێک بەکاردەهێنێت لە پێناو گۆڕینی وتاری کۆمەڵناسی بۆ وتار و نوسینێکی زانستی و بە میتۆدکراو. بۆردیۆ وا تەماشای کۆمەڵگە دەکات کە پرۆسەیەکی بنیادانەیە و لەسەر بنەمای چەند بوارێکی جیاواز لەیەک بنیاد نراوە، بەجۆرێک ناتوانرێت لە ئاستەکانی کۆمەڵگە تێبگەین ئەگەر ڕۆنەچینە نێو پێکهاتەی پەیوەندییە نێوخۆییە جەوهەرییەکانییەوە، کە پێش بۆردیۆ زانایانی دیکە بەسەریدا نەپرژاون، چونکە بابەتێک بۆ زانست بشێ ناکرێت ئامادەکراوبێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە واقیعدا بوونی هەبێت، هەروەها ناشکرێت لەو گۆشەنیگایەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت کە تاکەکان پێشوەختە بیرکردنەوەیان لەبارەیەوە هەیە و ئەو بیرکردنەوەیەشیان پەیوەستە بە هەستی هاوبەش و دەستە جەمعییانەوە (Appelrouth, and Edles, 2021,675 ). واتە بۆردیۆ وا خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگە ناکات وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەکراو و زانایان وەسفی لایەنەکانی بکەن، بەش و پێکهاتە و رەوشی کۆمەڵگەکە وەک مادەیەکی پەی پێ نەبراو، تاوتوێ بکەن، بەڵکو دەبێت وەک بابەتێک بۆ توێژینەوەی زانستی تەماشای بکرێت. لە پێکهاتەی جیهانی کۆمەڵایەتیدا ململانێ و کێبڕکێ بوونیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە و ستراتیجیاتەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوە؛ کۆمەڵێکن و بەردەوام پشکدارن لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە کۆمەڵێک کێشە و جیاوازییەوە.

وەک ئاشکرایە هزرەکانی بۆردیۆ لەدەوری تێگەیشتنی لە هێما و دروستبوونی ئەو هێمایانە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەخولێتەوە، کە یەکێکە لە بابەتە هەرە دیارەکانی بۆردیۆ، لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر ململانێی هێمایی، ئەو پێیوایە ململانێی هێمایی مەبەست لێی سەپاندنی تێڕوانینێکە سەبارەت بە جیهان، تەواو پەیوەستە بە بەرژەوەندی بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی وا لە نێو ململانێکەدان ( Elder, 2007,332).

ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە بۆ جیهان تایبەتە بە پێگەی بابەتیی بکەرەکە لە فەزای کۆمەڵایەتیدا، کە لایەنی بابەتی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێت، هەروەها لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و نوێنەرایەتیکردنەی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵیانگرتووە لەبارەی جیهانی کۆمەڵایەتییەوە، کە لایەنی خودیی بکەرەکان دروست دەکات. دەکرێت ململانی هێماییەکان کە پەیوەستن بە دەرککردن بە جیهانی کۆمەڵایەتی لە چەند لایەنێکەوە دەرکیان پێ بکرێت، وەک لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەکرێت.

## 1.ململانێی نێو بوارەکان.

بابەتی بوار یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە بۆردیۆی پێ جیادەکرێتەوە، بۆردیۆ کۆمەڵگە دابەشدەکاتە سەر چەند بوارێک، هەر یەکێک لەو بوارانە سەربەخۆیی ڕێژەیی و لۆژیکی خۆیان هەیە و دوورن لە هەموو ناکۆکییەکی داتاشراو لە ڕاستی و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان. بوارەکان وەک: بواری سیاسی، ئابووری و کولتوریی و شێوەکانی دیکە. بوارەکان وەک چەند شوێنێک وان کە هەستی هاوبەشیی تێدا شکڵ وەردەگرێت، شوێنی هاوبەش، بوارەکان سستمی نمونەیین و ناکرێت یەکیان لەوانی دیکەیان داتاشرێت، چونکە هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆیان هەیە لەوانی دیکە.

بوار لای بۆردیۆ تەنها بونیادێکی تیۆریی نییە بۆ جیهان، بە پێچەوانەوە بونێکی واقیعیی بەرجەستەی هەیە، کە لە دامەزراوەکاندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت؛ ئەو دامەزراوانەی گوزارشت لە بوارەکان دەکەن و کیانیان دیاریدەکەن، بەڵام ئەوانە لە دەرەوەی ئەو گروپی بکەرە کۆمەڵایەتییانە نابن، کە بە کرپاری ئەو دامەزراوانە دادەنرێن و ڕازیبوونە کە لەنێو بوارێکی دیاریکراودا سەرمایەگوزاریی لە خود و

توانستە مادی و مەعنەویەکانیاندا بکرێت، بەڵکو لەوەش زێتر، رێگەیان بەخۆیانداوە دوچاری جۆرەها کێبرکێ و ململانێ ببنەوە، بەڵام نەک ململانێیەکی بەرجەستە و بینراو، بەڵکو ململانێیەکی هێمایی (Appelrouth, and Edles, 2021,675). بەو شێوەیە، بوار لای بۆردیۆ چەند خەسڵەتێکی هەیە، لەوانە:

1-گۆڕانێکی مێژوویی، بوار بە چەند قۆناغێکی دور و درێژ، لەسەرەخۆ و چەندین هەنگاوی ململانێ ئامێزدا تێپەڕدەبێت، ئامانج لێی وەرگرتنی سەربەخۆیی خودییە.

2- هەر بوارێک دوو شێوەی ململانێ لەخۆ دەگرێت، یەکیان نێوخۆیی ئەوەی دیکەیان دەرەکییە. ململانێی نێوخۆیی لەنێوان کڕیارەکان و بکەرەکانیدا دەبێت، کە کێبرکێ لەسەر بەدەستهێنانی پێگەی هێز و نوێنەرایەتیکردنی بوارەکە و قۆرخکردنی ئەو سوودانەیە، کە بوارەکە دەستی دەکەوێت، هەروەها بوار دەکەوێتە ململانێوە لەنێوان نوێنەرە کۆنەکانی و ئەو نوێنەرانەی وا نوێن و دێنە نێو بوارەکەوە. بەم شێوەیە ململانێی دەرەکی لەنێوان بوارەکاندا دروست دەبێت(Appelrouth, and Edles, 2021,675). واتە ململانێیەکە هەموو بوارەکە دەگرێتەوە، بە مانای بونیادەکەی بەشێوەیەکی گشتی؛ کە لەگەڵ بوارە کێبڕکێکارەکانی دیکەدا دەکەوێتە ململانێوە. شایەنی ئاماژەیە، لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، ناتوانرێت باسی ئەم جۆرەی ململانێ بکرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان نوێنەرانی یەک بواردا نەبێت (Susen, and Turner, 2011,371).

## 2. سەرمایە و ململانێ

لێرەدا بۆردیۆ ڕەخنەی لە تیۆری مارکسی گرتووە بەوەی ئەو تیۆرە چەمکی سەرمایەی بە مادەوە بەستووەتەوە، وای دادەنێت کە کۆمەڵگە بریتییە لە ململانێیەکی بەردەوامی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان؛ لە چوارێوەیەکی مادیی مێژووییدا، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە کۆمەڵێک سەرمایە لەنێویدا لە کێبڕکێدان، هەر یەکەو هەوڵدەدات بۆ خۆی بیچرێتەوەو ببێتە خاوەنی، لەهەمانکاتدا سەرمایەگوزاری پێوە بکات، هەندێک لەو سەرمایانە دەکرێت بگۆڕێن بۆ جۆری سەرمایەی هێمایی، ئیتر بۆ ئەوەی ئەم سەرمایەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دانی پێدابنرێت، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەسەڵاتێک کە ڕەوایەتی هەیە و چالاکە لە کاتی ململانێکاندا. بۆردیۆ جگە لەسەرمایەی هێمایی،

سەرمایەی کولتوری و کۆمەڵایەتیشی دەستنیشانکردووە، بەجۆرێک سەرمایەی کولتووریی، بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و بەهرە و توانستی لە چوارچێوەی کولتوورێکی دیاریکراودا و، سەرمایەگوزاری پێکردنی لە نێو بوارێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، کە بەها و سوودێکی زیاتری مادی یان هێمایی یاخود هەردووکیان پێکەوە، بە خاوەنەکەی دەبەخشێت. بەڵام سەرمایەی کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵێک سەرمایەی بەرجەستە یان گریمانکراوە کە تاک یان گروپێکی دیاریکراو دەستیاندەکەوێت بەهۆکاری خاوەندارێتیان بۆ تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بەردەوام و زانیاری و مەعریفەی بەدامەزراوە کراو. واتە کۆمەڵێک سەرمایە و دەسەڵاتە کە وادەکەن تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دروستبکەن و بتوانن ئاڵوگۆڕ بەو سەرمایەیە بکەن؛ وەک دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەر و دەستکەوتنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لەمیانەیەوە.

## 3-توندوتیژی هێمایی و دەسەڵاتی هێمایی:

بۆردیۆ بەوە ناسراوە کە باس لە توندوتیژی هێمایی و دەسەڵاتی هێمایی دەکات، ئیتر بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە تیشکدەخاتە سەر توندوتیژی و دەسەڵات لای مارکس و ڤیبەر، بەوپێیەی تێڕوانینی ئەم دوو زانایە بۆ توندوتیژی لەیکترەوە نزیکە، بەجۆرێک ڤیبەر پێی وایە توندوتیژی مادیی پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە و ئامرازێکە پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە.

لای بۆردیۆ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان توندوتیژی و دەسەڵاتدا هەیە، کەموکورتە، بەجۆرێک توندوتیژی هێمایی بە ڕۆڵی خۆی ئامرازێکە بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات. توندوتیژی هێمایی شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات و بەرامبەر بکەرە کۆمەڵایتەییەکان ئەنجامدەدرێت. بەڕای بۆردیۆ توندوتیژی هێمایی نەبینراوە و نەرمونیە و، لەمیانەی زمانی ئاخاوتن و گۆکردنی وشەی دیاریکراو و پەروەردەوە زیان بە بکەرەکان دەگەیەنێت، لەگەڵیدا بۆردیۆ وای بۆدەچێت دەکرێت توندوتیژی هێمایی ئەنجامی باشتر بەدەستەوە بدات تا توندوتیژی سیاسی و پۆلیسی(Susen, and Turner, 2011,371).

ئەمەیە کرۆکی جیاوازی نێوان بۆردیۆ و مارکس، بەجۆرێک مارکس باسی ئەو جۆرە توندوتیژییەی نەکردووە، کە زۆر کاریگەرە تەنانەت لە بواری ئابووریشدا. لەم سۆنگەیەوە، دەسەڵاتی هێمایی خەسڵەتێکی هەیە، ئەویش توانای ڕازیکردن و بەخشینی تێڕوانینە سەبارەت بەجیهان یان گۆڕینی ئەو

جیهانە و توانای گۆڕینی کاریگەرییەکانی هەیە لەسەر جیهان، دواجار تواناداره بۆ گۆڕینی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەمشێوەیە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام هەڵپەدەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەسەر ئەوانی دیکە، کە دەسەڵاتی هێمایی کاریگەرترینە تا جۆرەکانی دیکەی دەسەڵات. دەسەڵاتی هێمایی هەندێک کەس دەستیان دەخەن ئەویش لەمیانەی دروستکردنی متمانە و ڕاستگۆییەوە زۆرجاران بەدەست دەهێنرێت، وەک ئەوەی کەسایەتییە کاریزمی و سەرکردەکان بەدەستیان دێنن، هەندێکجاریش لەمیانەی گۆڕینی جۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییەوە دەستدەکەوێت.

## سێیەم: ئەنجامگیریی:

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە تێروانینی ئالان تورن و پییێر بۆردیۆ، کە هەردووکیان باس لە ململانێ دەکەن، جیاوازە، بەجۆرێک لای تورن ململانێ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت وەک یەک تەماشا بکرین. ئێستا بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆکارە سیاسییەکان و بەرکەوتن وتوندوتیژی دروست نابن، بەڵکو بە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست دەبن. هەروەها ململانێی چینایەتی لای ئالان تورن پەیوەستە بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. تورن پێی وایە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بزوێنەرێکی کاران بۆ ململانێی چینایەتی. تورن ململانێی چینایەتی لە سێ ئاستی کردەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، یەکەم مێژوییە، دووەم بواری سیاسی و دامەزراوەییە، سێیەم کردەی کۆمەڵایەتییە. ئێستا جیهان لە جیهانێکی پیشەسازییەوە بۆ جیهانێکی دیجیتاڵی و زانیاری گوزەردەکات، ململانێی چینایەتیش ئاستی نزم بوەتەوە و نەوەی نوێی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتوون. ئالان تورن پێشنیازی دامەزراندی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە لەسەر سێ بنەمای وەک: بنەمای شوناس، بنەمای بەریەککەوتن و بنەمای گشتیبوون.

هزرەکانی بۆردیۆ لەدەوری تێگەیشتنی لە هێما و دروستبوونی ئەو هێمایانە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، دەخولێنەوە، مەبەستی بۆردیۆ لە ململانێی هێمایی سەپاندنی تێڕوانینێکە سەبارەت بە جیهان، تەواو پەیوەستە بە بەرژەوەندی بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی وا لە نێو ململانێکەدان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت ململانێی هێمایی لە چەند دیوێکەوە درکی پێ بکرێت وەک: ململانێی نێو بوارەکان کە دوو خەسڵەتی هەیە لەوانە: گۆڕانێکی مێژوویی، هەر بوارێک دوو شێوەی ململانێ لەخۆ دەگرێت؛ ئەوانیش نێوخۆیی و دەرەکیی. هەروەها دیوێکی دیکەی ئەو جۆرەی ململانێ، سەرمایە و جۆرەکانی و توندوتیژی هێمایی و دەسەڵاتی هێماییە.

## سەرچاوەکان


1. Appelrouth, S. and Edles, L.D., 2021. *Classical and contemporary sociological theory: Text and readings*. Sage Publications.
2. Elder-Vass, D., 2007. Reconciling Archer and Bourdieu in an emergentist theory of action. *Sociological theory*, *25*(4), pp.325-346.
3. Vassilopoulou, J., Ozbilgin, M., Groutsis, D. and Keles, J., 2022. Populism as new wine in old bottles in the context of Germany:'Symbolic Violence'as collective Habitus that Devalues the human capital of Turks. *Societies*, *12*(2), p.2-16
4. Susen, S. and Turner, B.S. eds., 2011. *The legacy of Pierre Bourdieu: critical essays*. Anthem Press.
5. Touraine, A., 1985. An introduction to the study of social movements. *Social research*, pp.749-787.
6. Touraine, A., 2002. The importance of social movements. *Social movement studies*, *1*(1), pp.89-95.
7. Touraine, A., 1992. Beyond social movements. *Theory, Culture & Society*, *9*(1), pp.125-145.
8. Touraine, A., 2004. On the frontier of social movements. *Current Sociology*, *52*(4), pp.717-725.
9. Hannigan, J.A., 1985. Alain Touraine, Manuel Castells and social movement theory: A critical appraisal. *Sociological Quarterly*, *26*(4), pp.435-454.
10. Rucht, D., 1991. Sociological theory as a theory of social movements: A critique of Alain Touraine. In *Research on social movements: The state of the art in Western Europe and the USA* (pp. 355-384). Frankfurt/M.: Campus.
11. Touraine, A., 1987. Social movements: Participation and protest. *Scandinavian Political Studies*, 10(3),pp.207-222
12. Touraine, A., 1984. Social movements: special area or central problem in sociological analysis. *Thesis Eleven*, *9*(1), pp.5-15.
13. Ghanem, E., 1998. Social movements in Brazil and their educational work. *International Review of Education*, pp.177-189.

14. Clark, J. and Diani, M., 2013. *Alain Touraine*. Routledge.
15. Rootes, C.A., 1990. Theory of social movements: theory for social movements. *Philosophy and social action*, *16*(4), pp.5-17.
16. Wieviorka, M., 2005. After new social movements. *Social movement studies*, *4*(1), pp.1-19.
17. Eder, K., 2003. Social movements and democratization. *The handbook of historical sociology*, pp.276-87.
18. Baranowski, M., 2013. BETWEEN SOCIAL CONTROL AND CONFLICT: AN ANALYTICAL FRAMEWORK FOR SOCIAL MOVEMENTS. *Acta Universitatis Lodziensis. Folia Sociologica*, (47), pp.5-16.
19. Rucht, D., 2017. Studying social movements: Some conceptual challenges. *The history of social movements in global perspective: A survey*, pp.39-62.
20. Guéranger, D., 2009. Contradictions and conflicts in sociological writing: the rewriting of an interview by Pierre Bourdieu. Social science information, 48(4), pp.615-629.
21. Weininger, E.B., 2002. Pierre Bourdieu on social class and symbolic violence. Alternative foundations of class analysis, 4, p.83.

---

# Social Conflict from The Perspective of Alan Torn and Pierre Bourdieu (A theoretical study)

**Asst. Prof. Dr. Shahlaa Wali Jabbar**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: shahlaa.jabbar@su.edu.krd

**Asst. Lect. Dunya Saladin Mirdan**
Department of Social Work, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: dunya.mardan@su.edu.krd

***Keywords***: *Conflict, Social Movements, Symbolic Violence, Cultural Capital*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The subject of conflict is an important and essential subject in sociology, and has been much debated by classical and modern theorists. The concept of social conflict has now changed in terms of its understanding and references, so that new theorists have analyzed the concept of conflict from other dimensions, including Alan Thorne and Pierre Bourdieu. The main theme of this study is to present the most important factors that play a role in the formation of social conflict among social groups and the variables that surround them, of course, from the perspective of the French scientists Alain Thorne and Pierre Bourdieu. The importance of this study lies in the fact that the issue of conflict has been constantly debated and interpreted from different dimensions by social theorists, some linking it to class issues, others to intergenerational conflict, and others to other concepts. As times have changed, the understanding and analysis of the concept has changed and its symbols have changed. The importance of the available research is that it focuses on the issue of conflict from the perspective of two contemporary theorists, Alan Thorne and Pierre Bourdieu, who have played a significant role in advancing the theoretical foundations of sociology. The aim of this study is to identify the dimensions of social conflict from the perspective of Alan Thorne and Pierre Bourdieu and to analyze the signs of social conflict in the present era.

# الصراع الاجتماعي من منظور ئالان تورن و بيير بورديو

## (دراسة نظرية)

**الملخص**

يعد موضوع الصراع موضوعًا مهمًا وأساسيًا في علم الاجتماع ، وقد نوقش كثيرًا من قبل المنظرين الكلاسيكيين والحديثين. لقد تغير مفهوم الصراع الاجتماعي الآن من حيث فهمه ومراجعه ، بحيث قام المنظرون الجدد بتحليل مفهوم الصراع من أبعاد أخرى ، بما في ذلك آلان ثورن وبيير بورديو. الموضوع الرئيسي لهذه الدراسة هو تقديم أهم العوامل التي تلعب دورًا في تكوين الصراع الاجتماعي بين الفئات الاجتماعية والمتغيرات التي تحيط بها بالطبع من منظور العالمين الفرنسيين آلان ثورن وبيير بورديو. تكمن أهمية هذه الدراسة في أن قضية الصراع كانت موضع نقاش وتفسير مستمر من أبعاد مختلفة من

قبل المنظرين الاجتماعيين، فبعضهم يربطها بالقضايا الطبقية ، والبعض الآخر بالصراع بين الأجيال ، والبعض الآخر بمفاهيم أخرى. مع تغير الزمن ، تغير فهم المفهوم وتحليله وتغيرت رموزه. تكمن أهمية البحث المتاح في أنه يركز على قضية الصراع من منظور اثنين من المنظرين المعاصرين ، آلان ثورن وبيير بورديو ، الذين لعبوا دورًا مهمًا في النهوض بالأسس النظرية لعلم الاجتماع. الهدف من هذه الدراسة هو التعرف على أبعاد الصراع الاجتماعي من منظور آلان ثورن وبيير بورديو وتحليل علامات الصراع الاجتماعي في العصر الحالي.